ژوری توێژینەوەی سیاسی

بزوتنەوەی گۆڕان

# مێژوو و چەمکی کودەتا

گەیلان عەباس

# COUP D'ETAT

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

تەموزی 2016

# مێژوو و چەمکی کودەتا

نوسین و ئامادەکردنی: گەیلان عەباس

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
تەموزی 2016

پێڕست

مێژوو و چەمکی کودەتا ........................................ 3
1. کودەتای تێکشکان The Breakthrough Coup ........................................ 5
2. کودەتای دژ وەستانەوە The Veto Coup ........................................ 5
3. کودەتای پاسەوانی و خۆپارێزی The Guardian Coup ........................................ 5
1.کودەتای سەربازی ........................................ 6
2. کودەتای سیاسی(سپی) ........................................ 7
3.کودەتای تێکەڵ ........................................ 7
سەرچاوەکان ........................................ 9

# مێژوو و چەمکی کودەتا

کودەتا میکانیزم و هەوڵی وەرگرتن و گەیشتنە بە دەسەڵات، بە شێوەیەکی نایاسایی لەرێگەی بەکارهێنانی هێز یاخود هەرەشەکردن بە بەکارهێنانی، زاراوەی کودەتا لە وشەی (Coup D'etat) ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە، بەواتای (لێدانی دەوڵەت).

لە بنەرەتدا رەگو ریشەی ئەم زاراوەیە بۆ زمانی لاتینی دەگەرێتەوە، ئەسڵی وشەکەش لە دەستەواژەی (colphus) وەرگیراوە، بەواتای لێدان و وەشاندنی گورزی لەناکاو لەناو دەسەڵاتەوە بەرامبەر حکومەت و پێگە هەستیارەکانی دەوڵەت، بەئامانجی گۆرانکاری لە فۆرمی دەسەڵات و حکومەتدا.

مێژوی بەکارهێنانی زاراوەی کودەتا سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ وڵاتی فەرەنسا، هەندێك پێیان وایە مێژوی چەمکی کودەتا بۆ سەدەی حەڤدەی سەردەمی (لویسی شازدە) دەگەرێتەوە، ئەوەش وەك گوزارشتکردن بۆ ئەو پێشێلکارییە مرۆیی و ئەخلاقی و یاساییانەی کە لەسەردەستی پادشا بەرامبەر هاوڵاتیانی فەرەنسا دەگیرایە بەر.بەڵام بۆچونێکی دیکە هەیە پێی وایە مێژوی بەکارهێنانی ئەم چەمکە دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای دەرکەوتنی (ناپلیۆن پۆناپۆرت)، بەدیاریکراوی بۆ 7 کانونی دوەمی 1802 کاتێك لەرێگەی راپۆرتێکی بەرزکراوەوە بۆ ناپلیۆن ئامارەیپێکرابو. لە راپۆرتەکەدا وشەی کودەتا بەکارهێنرابو لە بەرامبەر ئەو جوڵە سەربازییانەی لە فەرەنسا دژ بەحکومەتی کۆماری دەستیان پێکردبو. بەڵام دواتر پاش گەشتنی ناپلیۆن بە دەسەڵات (1804-1815) ئەم چەمکە بەکارهێنرا بۆ ئەو کردەوە کۆمەڵکوژی و توندوتیژیانەی هێزە پۆلیسیەکانی ناپلیۆن کە لە بەرامبەر هاوڵاتیان و شۆرشگێرانی فەرەنسا پراکتیزەیان دەکرد.

چەمکی کودەتا لەسەدەی نۆزدەدا پێشوەچونی زیاتری بەخۆیەوە بینی، لەو سەردەمە بەدواوە کودەتا بۆ گوزارشت لەو کردەوە توندوتیژیانە بەکاردەهات کە لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت (بەتایبەت هێزە سەربازی و چەکدارییەکان) مومارەسە دەکرا بۆ لەسەر کارلادانی سەرۆك و کاربەدەستانی دەوڵەت. بەم جۆرە لێرەوە چەمکی کودەتا بۆ یەکەمجار لە چەمکی شۆرش جیا کرایەوە.

یەکەمین هەوڵی بەزانستی ناساندنی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیست، بەدیاریکراوی لەساڵی 1930 ئەوەش لەرێگەی کتێبی نوسەری ئیتاڵی (کرۆزیرۆ مالابارتی) بەناونیشانی (تەکتیکەکانی کودەتا(Tecnica del colpo di Stato) ، لێرەوە ئەم چەمکە تارادەیەك گشتێنراو تیۆریزە کرا. (مالابارتی) لە نوسراوەکەیدا رەخنەی ئاراستەی دامەزراوە سەربازییەکانی ئیتاڵیای فاشی و ئەڵمانیای نازی کردبو، هاوکات (مالابارتی) پێی وابو چەمکی کودەتا تەنها بەرامبەر بە جموجۆڵی سیاسی و سەربازی بەکارنایەت، دەکرێت هێزە مەدەنییەکانیش رۆڵ بگێرن لە هێنانە ئارای کودەتادا، بەتایبەت کاتێك جۆرێك لە جموجۆڵ و بزاوتی جەماوەری دێننە ئاراوە و هۆکار دەبن لە دروستکردنی پشێوی لەنێو دەسەڵاتدا، لە بەرامبەردا دۆخێك دەخولقێتو دەستکراوەی دەبەخشێتە کودەتا چییەکان بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا.دواجار (مالابارتی) جیاوازی کرد لەنێوان چەمکی (کودەتا و جەنگی نێوخۆیی و شۆرش)دا، بەجۆرێك رەگەزەکانی کودەتای بەم شێوەیە دیاری کرد:

1- خێرای و لە ناکاوی پرۆسەکە.

2- نهێنی بون.

3- کورتی ماوەی پرۆسەکە.

4- بچوکی ئاستی پێکدادانە سەربازییەکان .... هتد

ئێستا لە فەرهەنگیسیاسییدا،کودەتا وا پێناسە دەکرێت کە "کردەیەکیخێرا و لەناکاوە،لەلایەن گروپێ لە سەربازان و ئەفسەران، یاخود چەند کەسانێکی ناو دەسەڵات ئەنجامدەدرێت،بە پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی وڵات، بە مەبەستی لەسەر کارلادانی دەسەڵاتداران، یاخود روخاندنی حکومەت، ئەمەش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و بەکارهێنانی لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیاندا". فەرهەنگی (ئۆکسفۆردی بەریتانی) کودەتای پێناسە کردوە بە "لێدانێکی لەناکاو و خێرا لە ئیدارەی بەرێوەبردنی دەوڵەت."

هاوکات بیرمەندی ئەمریکی (ساموێل هانتگتۆن) لەم بارەیەوە بۆچونێکی تایبەتی تیۆریزە کردوە، هانتگتۆن پێی وابو لەسەدەی 21 دا کودەتاکان لە بزاوت و شۆرشی

جەماوەرییەوە دەستپێدەکەن و بەکۆنترۆڵی حکومەتەکان لەلایەن گروپێکەوە کۆتاییان پێ دێت، دواتر هانتگتۆن لای خۆیەوە 3 فۆرمی جیاوازی بۆ کودەتا تەبەنی کرد، بەم جۆرە:

### 1. کودەتای تێکشکان The Breakthrough Coup

بریتییە لە لەناوبردنی تەواوی حکومەت و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتلە لایەن گروپێکی شۆرشگێرەوە، لە نمونەی کودەتا سەربازییەکانی ساڵانی پەنجاو شەستەکانی سەدەی رابردوی دەوڵەتانی عەرەبی. ئەم جۆرە لە کودەتا لە لایەن ئەو سەربازانەوە ئەنجام دەدرێت کە پلەی سەربازی زۆر بەرزیان نییە لەنێو سوپادا.

### 2. کودەتای دژ وەستانەوە The Veto Coup

ئەم جۆرە لە کودەتا خۆی دەبینێتەوە لە سەرکوتکردنی بزاوت و شۆرشی رێکخراوە جەماوەرییەکان، ئەمکودەتایە بەوە دەناسرێتەوە کە زۆرجار خوێناویترەو لەرێگەیەوە ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی مەدەنی دەبنە قوربانی، تاوەکو دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکرێت. دواتر دەستەی جێبەجێکاری کودەتا هەڵدەکوتنە سەر دەسەڵات و کۆنترۆڵی دەکەن، ئەم جۆرە کودەتایە لە رێگە ئەفسەرە باڵاکان و پلە دارەکانەوە ئەنجام دەدرێت.

### 3. کودەتای پاسەوانی و خۆپارێزی The Guardian Coup

ئەم جۆرە لە کودەتا بەوە دەناسرێتەوە کە یەکێك لە دەسەڵاتە باڵاکانی دەوڵەت دەست دەگرێت بەسەر دەسەڵاتەکانی دیکەدا و گشت دەسەڵاتەکان لە دامەزراوە جیاوازەکانی حکومرانی لە دەست یەك دەستەدا کۆدەکاتەوە. زۆر جار ئەم کودەتایە بەپاساوی نائارامی دۆخی ئەمنی وڵات و دورخستنەوەی دەوڵەت لە پاشاگەردانی (فوضی) ئەنجام دەدرێت. ئەم فۆرمە لەکودەتا بەوە دەناسرێتەوە کە توندوتیژی تیادا بەکارناهێنرێت و کەمترین خوێنی تیادا دەرێژرێت، چونکە تەنها بەهەرەشەکردنی بەکارهێنانی هێز دەستدەگیرێت بەسەر کۆی دامەزراوە باڵاکانی دەوڵەتدا.

بەگشتی دەتوانین بڵێین پشت بەست بە میکانیزم و کارەکتەرە جێبەجێکارەکانی پرۆسەی کودەتا، دەکرێت شێوازەکانی کودەتا بەسەر سێ فۆرمی جیاوازدا دابەشی بکەین بەم جۆرە:

## 1. کودەتای سەربازی

ئەم فۆرمە لە کودەتا بەوە دەناسرێتەوە، تیایدا گروپێکی سەربازی بەرێگەیەکی نایاسایی و لەرێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بەشێوەیەکی خێرا پرۆسەکە بەئەنجام دەگەیەنن، لەم فۆرمەدا توندوتیژی وەك میکانیزمێك پەنای بۆ دەبرێت لە پێناو دورخستنەوەی دەسەڵاتداران و دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا. لە ئاکامدا کارکردن بەدەستور دەوەستێت و حوکمێکی میلیتاری (سەربازی) دێتە کایەوە. لە دیارترین نمونە نزیکەکانی کودەتای سەربازی لە نمونەی (کودەتای 1958 عێراق بەسەر سیستمی پادشایەتی بەسەرکردایەتی عبدالکریم قاسم و هێنانە ئارای سیستمی کۆماری، کودەتای سەربازی لە تورکیا لە ساڵی 1960 کە بە لەسێدارەدانی سەرۆك کۆمار (محمد جەلال بایار) و (عەدنان مەندەریس)ی سەرۆك وەزیران و گۆرینی رژێمی سیاسی ئەو وڵاتە کۆتای پێهات، کودەتای 1963 بەعسیەکان لە عێراق بە کوشتنی عبدالکریم کۆتای پێهات، کودەتای ساڵی 1969 لیبیا بە سەرکردایەتی موعەمەر قەزافی تیایدا سیستمی پادشایەتی روخێندرا و سیستمی کۆماری بەفۆرمێکی سەربازی دامەزرێندرا .... هتد ).

هاوکات مەرج نییە هەمیشە کودەتای سەربازی لەکاتی بەرێوەچونیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنیت. واتە دەکرێت کودەتاکە ئەنجامبدرێت، بەڵام دەشێت لەبواری کردەنیدا پرۆسەکەبەشکست بۆ ئەو دەستەو گروپە سەربازییە کۆتای پێ بێت کە کودەتاکەیان ئەنجامداوە. وەک نمونەی کودەتا سەربازییەکەی شەوی 15 لەسەر 16 تەمموزی 2016 تورکیا، بەرابەرایەتی فەرماندەی هێزی ئاسمانی پێشوی تورکیا جەنراڵ (ئاکین ئۆزتورک) بەسەر حکومەتەکەی (بینالی یەڵدرم)دا. ئەوەبوو لە ئەنجامداو پاش تێپەربونی پێنج کاتژمێر لە دەستپێکردنی پرۆسەکە، کودەتاکە بەشکست و دەستگیرکردنی (ئاکین ئۆزتورک) و تاقمەکەی کۆتای پێهات.

### 2. کودەتای سیاسی(سپی)

ئەم فۆرمە لە کودەتا بەوە دەناسرێتەوە، کە لەلایەن گروپێك یاخود کەمینەیەکی سیاسی ناو دەسەڵاتدا بەسەر سیستمی حوکمرانیدا ئەنجام دەدرێت، لەم فۆرمەدا هێز بەکارناهێنرێت، بەڵام هێز دەکرێتە کارتی فشار و هەرەشەی بەکارهێنانی دەکرێت،لە بەرئەم هۆکارە کەمترین توندوتیژی بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە زیاتر وەك مانۆڕ و پلان و تەکتیکێکی سیاسی و لەماوەیەکی کورتدا پەنا بۆ هێز دەبرێت و لەرێگەیەوە دەسەڵاتی پێ کۆنترۆڵدەکرێت.لەکۆتایدا سەرجەم یاخود کەمینەیەك لە دەسەڵاتداران لە پێگەکانیان دەهێندرێنە خوارەوەو ئەنجامدەرانی کودەتاکە شوێنیان دەگرنەوە، بەڵام مەرج نییە لەم جۆرە کودەتایەدا فۆرم و سیتسمی حوکمرانی گۆرانی ریشەی بەسەردا بێت.

لەدیارترین نمونەکانی ئەم جۆرە کودەتایە ( کودەتای سپی لە جەزائیر ساڵی 1965 لەلایەن (هەواری بۆمدین) بەسەر سەرۆك کۆمار (ئەحمد بن بلە)، کودەتای ساڵی 1979 لەعێراق لە لایەن جێگری سەرۆك کۆمار ( سەدام حسێن) بەسەر (ئەحمەد حەسەن بەکر)ی سەرۆك کۆمار، بە بیانوی تێکچونی باری تەندروستی، کودەتای (حەمەد بن خەلیفەی دوەم) لە قەتەر ساڵی 1995 بەسەر باوکیدا (خەلیفە بن محمدی دوەم) ، دواتر پاش هەژدە ساڵ هەمان سیناریۆ بەجۆرێکی دیکە لە ساڵی 2013 دوبارە بویەوە ئەوەش کاتێك (تەمیم بن خەلیفەی دوەم) کودەتای سپی بەسەر باوکیدا ئەنجامداو بو بە ئەمیری قەتەر ... هتد).

### 3. کودەتای تێکەڵ

ئەم فۆرمە لە کودەتا تێکەڵەیەکە لە فۆرمی سەربازی و سیاسی، بەجۆرێك گروپێك لە پلەدارانی سوپا هاوشانی بەشێك لەرێکخراوە سیاسی و مەدەنیەکان و هاوڵاتیان بە ئەنجامی دەگەیەنن. لەم شێوازەدا رەچاوی بەشێك لەپرەنسیپە یاسای و مەدەنییەکان دەکرێت، هاوکات برێك لە پێکدادان و توندوتیژی لەنێوان لایەنگرانی دەسەڵات و نەیاران و سوپادا دێنێتە کایەوە. بەڵام سەرئەنجام دەسەڵاتداران لە دەسەڵات دوردەخەنەوەو حکومرانییەکی نوێ بە فۆرمێکی سەربازی یاخود مەدەنی دێننە کایەوە.

ئەم فۆرمە تارادەیەك نوێیە دەکرێت لە دیارترین نمونەکانی ئەم شێوازە بریتی بێت لەو کودەتاییەی کە لە 30 تەموزی 2013 لەمیسر رویدا، کاتێك سوپا بە سەرکردایەتی (عەبدول فەتاح سیسی)، نارەزایەتی شەقام و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیان قۆستەوە، ئاکامەکەشی خۆی بینییەوە لە لەسەرکارلادان و دەستگیرکردنی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی پاش شۆرش (محمد مورسی)، دواتر هەڵوەشاندەوەی حکومەت و سڕکردنی دەستوری 2012بەدوای خۆیدا هێنا. سەرئەنجام پشت بەست بە یاسا کارپێکراوەکان (عەدلی مەنسور) سەرۆکی دادگای دەستوری میسرکرایە سەرۆك کۆماری کاتی میسر بۆ قۆناغی راگوزەر. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014دا (عەبدول فەتاح سیسی) لەبەرامبەر (حەمدین سەباحی) بەهێنانی رێژەی 96.9% کرایە سەرۆك کۆماری میسری پاش کودەتا.

کودەتا کاتێك سەرکەوتو دەبێت کە ئەنجامدەرانی بتوانن مەبەستەکانیان بەدی بهێنن، بە پێچەوانەشەوە لەدۆخی شکستهێنانیشدا ئەگەری هاتنە ئارای جەنگی نێوخۆی و شڵەژانی ئەمنی چاوەڕوانکراوە. ئەمەو کودەتا بەگشت فۆرمە جیاوازەکانیەوە پاش ئەنجامدانی دەشێت روبەروی جۆرێك لە بەربەرەکانێی ناوخۆی و دەرەکی بێتەوە، بۆ نمونە لەناو سوپا یاخود لەناو جەماوەرەوە، وەك ئەوەی ساڵێ 1991 لە روسیا رویدا، یاخود دەشێت دەوڵەتانی زلهێز و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش رۆڵ بگێرن لەو نێوانەدا و بەمیکانیزمی گەمارۆی ئابوری و دەست تێوەردانی سەربازی شکست بە کودەتاکە بهێنن، وەك نمونەی شکستی کودەتای (حوسسیەکان) بەسەر (عەبد رەب مەنسور) لە یەمەن لەساڵی 2014 و هاتنە ئارای جەنگی"گەردەلولی گورز" دژ بەحوسیەکان، لەلایەن دەوڵەتانی کەنداوەوە. بەڵام دەگونجێت بەشێك لەکودەتاکان لەلایەن شەقامی ناوخۆ و دەرەوە وەك دیفاکتۆ (أمر الواقع) دانیپێدا بنرێت و قبوڵ بکرێت. لەنمونەی کودەتاکەی میسر 2013 کە دواتر لەرێگەی هەڵبژاردنەوە پەردەپۆشکرا.

## سەرچاوەکان


1. بورهان قانع، فەرهەنگی نوێ، چاپخانەی قانع، سلێمانی،2005.
2. گەیلان عەباس، فەرهەنگی رامیاری، چاپی یەکەم، چاپەمەنی بەفر، سلێمانی، 2012
3. هاوکار حسێن، فەرهەنگی پۆڵەتیکس، دەزگای سەردەم، سلێمانی ،2009.

4. انقلاب العسكرى، على الموقع :

http://www.aoc.fm/site/node/114

5. أيمن عبد المجيد، ما هو الانقلاب العسكري؟، على الموقع:

http://www.amlalommah.net/new/index.php?mod=article&id=38684

6. طارق البشري، ما معنى الانقلاب العسكرى، على الموقع:

http://www.alarabiya.net/ar/politics/2013/07/22

7. مؤمن سلام، يعنى إية إنقلاب؟، على الموقع:

http://www.civicegypt.org/?p=10681

8. *Luttwak, Edward (1 January 1979). Coup D'etat: A Practical Handbook. Harvard University Press.*
9. *"A Glossary of Political Economy Terms" Coup d'etat". Auburn University. Retrieved23 November 2014.*

10. *"Banque de dépannage linguistique – état". Office québécois de la langue française. Retrieved 2012-12-12.*

11. Coup d'etat Definition from Auburn U. Quote: A quick and decisive extra-legal seizure of governmental power by a relatively small but highly organized group of political or military leaders...
12. Coup d'etat: a practical handbook By Edward Luttwak p. 172 Quote: "Clearly the coup is by definition illegal, "

13. What Is a Coup d'Etat in Government?
http://classroom.synonym.com/coup-detat-government-11122.html